# شەهید فەرهاد

شیعری/ عەبدول شارباژێڕی/ ٢٠٠٣
بۆ یادی نووسەری پێشمەرگە، شەهید بورهان مستەفا مەعروف

**– تۆ شەماڵی ڕۆژانە بووی**
**بۆ گەرمیانی ئاو ئەم وارە**
**تۆ فێنکی ئێوارە بووی**
**بۆ ئاوایی ئەو بنارە.**
**تۆ زەردە بووی**
**بۆ سەرکەلی ئەم هەوارە.**
**ئای لەو ڕۆژەی**
**کە دوا ساتی دابڕان بوو.**
**وردە**
**وردە**
**جادەکانمان پێچایەوە.**
**کە ئەمڕوانی**
**وەکو هەستت بە دوا دیدار.**
**هەموو ئازات**
**هەمووی چاو بوون.**
**پڕ لە نیگا**
**پۆل**
**پۆل**
**پۆل**
**پۆل**
**بە چوار دەورا**
**هەڵت ئەدان.**
**وەک تینوویەک**
**بەجادەکان**
**بە ڕێبوار و**
**بە شتەکان.**
**لەسەرچاوگەی تێڕوانینا**
**تێر نەئەبوون.**
**پێش دابڕان:–**
**+ بەو هیوایەم**

وشەت ببێ بە چراوگێ
ڕۆشنایی بات بە کوردستان.
وشەت ببێ بە مەشخەڵێ
بیدەیتە دەست چەوساوەکان.
وشەت ببێ بە باڵدارێ
تەیکات سەر تا سەری جیهان.
- هاوڕێ فەرهاد
تۆ ڕۆیشتی و
وەک دێوانە
بارگەی خەمی
ئەم میللەتەت
ئەم وڵاتەت
دا بە کۆڵتا.
ڕانەوەستای تا لوتکەکان.
تۆ ڕۆیشتی و
کۆڵەپشتەکەت تەژی بوو
لە نووسین و
لە وشەی جوان.
بۆ هەژاران
بۆ ڕەنجدەران
بۆ کوردستان.
پێش دابڕان:-
+ نیازم وایە
سەفەرێ کەم
سەفەرێکی هات و نەهات.
لەوانەیە نەیەمەوە
لەوانەیە ئەم جادانە
جارێکی تر نەبینمەوە.
تا خۆری ئازادی ئەکات.
لەوانەیە نەتبینمەوە
مەگەر لە شاخ بتبینمەوە.
لەوانەیە
لەوانە.
- هاوڕێ فەرهاد
ئەفسوس
ئەفسوس
وەک فەرهادێ
لەو چیایە

زوو کەوتیتە
بەر تەلیسمی شەستتیرەوە
بێدەنگ کرایت.
وەک خونچەیەک
زوو کەوتیتە
بەر چەپۆکی نەگریسەوە.
زوو هەڵوەرایت.
وەک چرایەک
زوو بە با ڕەش
خەفە کرایت.
هاوڕێ فەرهاد
دەک کوێرایی شەیتان دابێ
وەک هەواڵی
شەهید بوونی تۆیان دامێ.
وەکو دەنگی ناوەختی شەو
تەواو کپ بووم.
وەک بناری ئاگر گرتوو
تەواو وڕ بووم.
وەکو جامێ
لە مەراقا
تەواو
تەواو
تەواو
پڕ بووم.